شاخی پشت قەبرسانەکە دەستیان کرد بەتەقەکردن لیّمان ، خوا رەحمی پیّ کردین کەسمان لیّ نەکوژرا بۆیە بەپەلە گەراینەوە ناو شارو چوینەوە لای مدیری ناحیە و پاش ئاگادار کردنی رەبیە کە بۆ جاریّکی تر بە ترس و لەرزەوە لەشار دوور کەوتینەوە تا گەیشتینە پردی زەلّم ، بینیمان ئەمبەرو ئەو بەری پردەکە و جادەکە هەمووی پر بوە لە برایانی پیّشمەرگە ، خەریکی سەنگەر لیّ دان بوون بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ روبەروبونەوەی هیرشی رژیم ، بە چاوپیّکەوتنیان بە ئیّمە خۆشحالّ بوون ، چونکە هەندیّ دەنگوباسی ئیّمە بەخراپ گەیشتبووە لای ئەوان و کەس و کارمان . بە پەلە گەلأبە گازوایلەکەیان لادا ووتیان ئەمە بۆ مەکینەکانی کارەبای تەویلّە باشە ، شارۆچکەی تەویلّە بنکەی سەرەکی شۆرش بوو لە ناوچەی هەلّەبجە منیش هەر لەویّ لەسەر فەرمانی لیّپرسراوی ئەو پیّشمەرگانە کە بەریّز کاکە حەمەی فەرج بوو لەگەلّ گەلأبەکە نیّردرام بۆ بیارە کە گاز وایلەکە تەسلیم بە لیّپرسراوی پیّشمەرگە بکەم لە مەخفەری بیارە و لەویّشەوە بینیّرن بۆ تەویلّە ، ئەو رۆژە بەتەواوی نازانم چ رۆژیّک بوو بەلأم دلّنیام کەلە مانگی تەموزی سالّی 1963دا بوو ، ئەو رۆژەم دیاری کردوە بە یەکەمین رۆژی پەیوەندیم بە شۆرش و پیّشمەرگایەتی .

**<u>بەشی سیّ یەم :- سالّی 1963 تا 1975</u>**

لە بیارە لەیەکیّ لەریّکخستنەکانی حزبدا دەستم بە ئیش کردن کرد لە ریکخراوی بیارە ، پاش چەند رۆژیّک زەعیم سدیق بە هیّزیّکی گەورەوە رووی کردە هەلّەبجەولە ریّگا لە پردی زەلّم لەلایەن هیزی پیّشمەرگەوە لییان درا ، دوای شەریّکی قورس و چەندرۆژە ئەنجا توانیبووی ریّگاکە بکاتەوە ، زیانیّکی زۆری لیّ کەوتبوو ، قوربانی شۆرشیش شەهیدبونی چەند پیّشمەرگەیەکی قارەمان بون کەلەگەلّ دەبابەکانی رژیم بەچەنگ هاتبون ، هەتا گەیشتبوە ئەوەی کە شەهید حەمە گولّپی پەلاماری یەکیّ لەدەبابەکانی دابوو بە خەنجەر و مام ئەمین دەرگا شیّخانی پارچە پارچە لاشەی کۆکرایەوە لەژیّر پیّی دەبابەکاندا ، هەروەها شەهید صابر حمە حەسەن و علی ئەحمەد کەچەلّ و چەند قارەمانیّکی تر شەهید بوون .

پاش هاتنی زەعیم صدیق بۆ هەلّەبجە و نزیک بوونەوەی قوەتەکەی لە گوندی زەردەهالّ و خەرپانی و بوردومان کردنی ناوچەکە بەتەیارە و تۆپ و لیّدانی لەلایەن هیّزی پیّشمەرگەی کوردستانەوە ، ئەوکاتە من هەر لە بیارە بووم مالّی باوکم لە هەلّەبجە بوون هەرچەند رۆژیّک پیّشتر لە ترسی زەعیم سدیق خەلّکی هەلّەبجە شاریان بەجیّ هیّشتبوو بەلأم بەهۆی ئەوەی کەهەندیّ لەخەلّکی عەشائیری ناوچەی هەلّەبجە کاتی خۆی هەلّەبجەیان بەجیّ هیّشتبوو چوبونە لای رژیم لە دەربەندیخان و چەکیان هەلّگرتبوو لەگەلّ قوەتەکەی زەعیم صدیق گەرابونەوە بۆ هەلّەبجە ، ئەمەش بۆ ئەوەبووکە قوەتیّکیان هەبیّت بۆ پاریّزگاری خۆیان و کەسوکاریان لە ناوچەی هەلّەبجە ، ئەم راستیەش کاتیّك ئاشکرا بو ، لەسالّی 1966دا ، چەند لیپرسراویّکی ئەو چەکدارانە راستەو خۆ پەیوەندیان لەگەلّ ئیمەدا کردو زۆر هاوکاریان ئەکردین لە ناوچەکەدا ، ئەمەش هەموو چەکدارەکان نەبوون ، بەلّکو هەندیّکی زۆر خراپیان تییادابوو ، هەندیّ کاری

به نوینەری خۆیان ، رۆژیك گۆیمان لە رادیۆ بو هەوالی بۆردومان كردنی شاری (بانە) ی راگەیاند ، ئەم هەواڵە بوە مایەی ترسی خەلكەكە و هاتنە لام ووتیان با چارەیەك بدۆزینەوە ، هیچ دور نیە بەیانیش ئیرە بۆردومان نەكریت ، با داوا بكەین ئەم شەو بمانگویزنەوە ، منیش لەسەر بریاری ئەوان چومە لای لیپرسراوانی ئۆردوگاكە و پیم ووتن ئەمرۆ شاری بانە بۆردوومان كراوە و مەترسیی بۆردوومانی ئێرەش هەیە ، پیویستە ئەم شەو ئەم مال و مندالانە بگوازنەوە بۆ ئۆردوگای دزلی ، ئەگەر نەیگوازنەوە ئەوا بەرەبەیانی زوو ئیمە بۆ خۆمان دەرۆین ، ئەوان ووتیان ئەم كارە بەدەستی ئیمە نیە ، ووتم ئاگاداری لیپرسراوەكانتان بكەن ، ئەمەمان وەكو هەرەشەیەك ووت هەتا بە دەنگمانەوە بین ، زۆری پی نە چو ، ناردیان بە شوینمدا ، تەماشام كرد چەند لیپرسراویك هاتوون و هیزیان لەگەلدایە و سەر دیوارەكانی چواردەوری بیناییەكەیان گرتوە ، یەكیكیان بەمنی ووت برادەر ، ئیوە چۆن لە خۆتانەوە بریاری وا دەدەن ، ئیمە لیپرسراوین لە گیانی ئیوە و بریار بە دەستی ئیمەیە ، منیش ووتم برادەر ئیمەش كە هاتوین بو ئیرە بەهوی كارەساتیكی سروشتی نەهاتوین ، بەلكو لە ئاكامی راپەرینیك لە دژی رژیمی صدام لە ناوچەی هەلەبجە وە هاتوین و رژیم زەرەرمەند بوە و ئیمەش دەولەتی خۆمان باش ئەناسین و ئەزانین ئەوان ئەزانن ئیمە لەم شارەین ، بویە ترسمان هەیە تۆلەی خۆی بكاتەوە و بۆردومانمان بكات ، ئیوە بۆخۆتان شارەكەتان چۆل كردوە و تەنها ئیمەی تیداین و مال و مندال داوای گواستنەوەمان لی ئەكەن ، ئیوە هەرچۆنتان كردوە هەندی ئۆتۆمۆبیل بهینن با مندالەكان بگویزرینەوە بۆ هەر شۆینیكی تر ، ئیمە پیاوەكان دەمینینەوە ، هیچ سودی نەبو ، ئەوان هەر ئەیان ووت ئۆردوگا ئامادەنیە و خۆمان ئامادەنەكردوە ، چەند برادەریكی تری ئاوارە هاتبونە لامان ، ئەوانیش پشتگیری ووتەكانی من یان كرد ، ووتیان ئەوە بریاریكەو داومانە ، ئەگەر ئۆتۆمۆبیل یشمان بۆ نەهینن ئەوا ئیمە بە پیٚ ئەرۆین و ئەم شوینە بەجی ئەهیلین ، ئەوشەوە نە ئیمە و نە ئەوان نەخەوتین هەتا بەیانی ، مەلا بانگی دا تەماشا ئەكەین چەند پاسیك هاتن و ووتیان با ژن و مندال سوار بن ، دەست كرابە سواركردنیان هەتا دنیا تۆزی رۆشن بوەوە ، چەند پاسیكمان بەری كردبۆ ، هەرئەوەندەمان زانی دەنگی فرۆكە هات و بۆردومانیان دەست پی كرد ، شار شلەژا و دەست كرا بە خۆ شاردنەوە ، نە حەرەس نە پاسدار لە دەوروبەری ئیمە نەمان ، ئیمەش ناشارەزا بوین لە جیگای خۆمان ماینەوە ، بۆردومانەكە لە هەندی شوینی ناو شاری دابو ، دەنگی فرۆكەكان نەما ، پاسدارو فەرمانبەرەكان گەرانەوە بو لامان ووتیان بەخوا ئیوە راستتان كرد ، زوكەن ئیوەش وەرن سواربن بابرۆین هەتا فرۆكەكان نەگەراونەتەوە ، ئیمە و ئەوانی تریش لە شوینەكانی تر ئەو رۆژە هەموی گوازرانەوە بو ئۆردوگای (دزلی) . لە ئۆردوگا چادریان بەسەردا دابەش كردین و هەلمان دان ، ئەوان بەنیازی دروست كردنی هەندی خانو بون ، خانوەكان تەواو بو بەشی هەموو خەلكەكەی نەكرد ، كاتیش بوبوە پایز و سەرما دەستی پی كرد , دابەش كردنەكە لەوكەسانەوە دەستی پی كرد كە لەخۆیانەوە نزیك بون ، ئەوانەی بیٚ بەش مانەوە ئەوانە بون سەر بە هەردو لایەنی پارتی و یەكیەتی بوون ، ئیمەش قسەیەكمان نەبو ، چادرەكانمان بە نایلۆن داپۆشین و لە ژیر باران و بەفردا چەندمانگیك ماینەوە ، دیار بو كاك

نادر هەورامی چوبویە لای لیپرسراوانی ئیرانی و گلەی کردبو لییان لەسەر دابەش کردنەکە ، پاشان داوای منیان کرد بچم بۆ دزلی , چووم بۆ لای لیپرسراوی قەرارگا ، ئاغای محمدی لەوی بو لیپرسراوی گشتی قرارگا بو ، ووتی کاکە ئیمە هەر ئەوەندە خانومان بۆ کراوە ، بەشی ئیوە و برادەرانی یەکیەتی نەکردوە ، ئیستا دەمانەوی شتیٚ بکەین بوتان ، بزانین رای ئیوە چیە ، منیش پیم ووت بە راستی فەرق و جیاوازیتان کرد لە دابەش کردنەکە ، ئیمە هیچمان پی نیە بیلین وا چادرەکانی خۆمان توند کردوە و لە ناویا ئەژین ، هەمو شتیکیش لای خۆتانە ، ووتی راستە تازە وای لیهاتوە ، ئیمە پیشنیاریکمان هەیە و حەز ئەکەین ئیوەش یارمەتیمان بدەن ، ووتی دەمانەویت بلۆکی گەورە ، گەورە بهینین و بە پەلە خانوتان بۆ دروست بکەین و خۆتان سەرپەرشتی دروست کردنەکە بکەن ، منیش کارەکەم پی باش بو ، پیم ووت با بگەریمەوە بۆ ئۆردوگا لەگەل برادەران قسە بکەم ، پاشان ئاگادارتان دەکەمەوە ، کە گەرامەوە لەگەل برادەران بە گشتی قسەم کرد ، ئەوانیش پێیان باش بو ، بە ئارەزووی خۆمان چۆنمان ویست دوو رییز خانومان دروست کرد و چوینە ناوی ، ژیانی ئاوارەیمان درێژەی هەبو هەتا راپەرینەکەی سالی 1991 ، لە سالی 1990 لە ئۆردوگای دزلی باوکم بەهۆی نەخۆشی شیرپەنجە کە لە ئاکامی بریندار بوونی بە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ، وەفاتی کرد و تەرمەکەیمان هەر لەو ئۆردوگایە بە خاك سپارد و تا ئیستاش هەر لەوێە ، چەند بابەتیك کە شیاوی باس بێت لەو ماوەیەی لە ئاوارایدا بوین هەتا راپەرین ، بەم چەند خالانەی لای خوارەوە باسی لیوە دەکەین .

1ـ هەر بە گەیشتنم بۆ ئیران ، برادەرانی خۆمان زۆر خۆشحالبون بە گەرانەوەم بۆ ناو شۆرش و سەردانیان کردین بو بەخیرهاتنەوەمان ، بەریز کاك نادر هەورامی یەکیك بو لەوانەی زۆری پیی خۆش بو ، لیپرسراوی لقی 4 بو لەو بەشەی کە لەسەر سنوری ئیران ـ عیراق دابو ، بەریز ماموستا حمید ئەفەندی لیپرسراوی یەکەمی لق بو لە قرەداغ ، من بە شیوەی رەسمی پەیوەندیم کردەوە و کرامە نوینەری پارتی لەو ئۆردوگایەو ئۆردوگای بارام ئاواش ، چەند برایەك لەو ئاوارەتازانە کە پیکەوە بووین بونە پیشمەرگە ، جگە لە ئیمەش خەلکێکی تری زۆری هەلەبجەی لە ریگای نەورۆلی و لاوران و سازان و سیمانەوە بەرەو ئیران هاتبون ، لە ئۆردوگای سەریاسی لای پاوە دانرابون ، چەند جاریك لەگەل بەریز کاك نادر هەورامی سەردانی ئەوانیشمان کرد ،



( ئۆردوگای دزلی سالی 1987 )

ئەو مەسئەلەیە و پاشان تەلەفونت بۆ ئەکەمەوە ، بەخێر هاتنی کردم و رووی لە کاك حاکم قادر کرد کە لەوی دانیشتبو ، ئەو لەگەل خاتو هیرۆدا بو ، پیی ووت بزانە ئەم برادەرە نمایندەی حزبیکە و هەر کەسیك لە لیپرسراوانی خۆیان بیەویت بیتە ئۆردوگا ئەوا پیشتر بە ئیمە ئەلی ، بەلام ئیوە هیچ ئاگاداریەکی ئیمەتان نەکردوە ، کاك قادر وەلامی دایەوە ، ووتی ئیمەش ئاگاداری نمایندەی خۆمان کردوە ممکنە سەرقالی کاریکی تر بوبن ، بەهەر حال من بە لیپرسراوی ئۆردوگام ووت ، ئەم کارەی ئیوە لەگەل خاتو هیرۆ کاریکی باش نیە ، ئەو ئافرەتە ، و خیزانی جەنابی مام جلالە و من لە ترسی ئەو هاتووم بەپەلە بۆلای تۆ چونکە بە راستی لە تۆش و لە ئیمەش دلگران ئەبیت ، تۆ لەلایەك رۆژانە لەگەل نمایندە و لیپرسراوانی ئەوان هەلسو کەوت ئەکەیت و هاتو چۆتان هەیە ، بۆ ئیستا لەم کارەدا وا توندی ، ئەبی خاتو هیرۆ بنیرینەوە بۆ ( کانی دینار ) بۆلای برادەرانی خۆیان ، وا کاك قادر لیرەیە ئەو پیاوە چی ئەلین قەیدی نیە ، جاریکی تر تەلەفونەکەی هەلگرت و ئەو قسانەی کرا بە وانی ووت ، دیار بو ئەوانیش لەسەر داواکەی من رازی بوون و خاتو هیرۆمان رەوانەی لای برادەرانی خۆیان کرد و ئەویش سوپاسی منی کرد .

پاش پەیوەندی کردنم و دامەزراندنمان لە ئۆردوگا ، بە یاوەری کاك نادر هەورامی و ماموستا حمید ئەفەندی کە تازە لە قەرەداغەوە گەرابووەوە سەردانی بارەگای سەرکردایەتی پارتیمان لە راژان کرد ، چاوم بە ریزدار سەرۆکی پارتی کاك مسعود بارزانی و بەریز کاك علی عبداللە و کاك نیچیرەوان بارزانی و برادەرانی تر کەوت .



( نێچیرەوان بارزانی و بەندە لە راژان )

خۆشحال بوون بە گەرانەوەم بو ناو شۆرش و باسیکمان لەسەر بارودۆخی خەلکی هەلەبجە و ئاوارەکان کرد و باسی هاتنی ماموستای خوالیخۆشبو ماموستا ملا عوسمان عبدالعزیز و ماموستا ملا علی برای و چەند ماموستایەکی ترمان کرد کە هاتبونە ئیران لەو راپەرینەدا ، جەنابی کاك مسعود فەرموی بەناوی منەوە برۆ سەردانیان بکە و بەخیرهاتنیان لی بکە و پێیان بلی لەبەر هەندی بارودۆخی تایبەتی لیرە ناتوانم سەردانیان بکەم ئەگینا بۆ خۆم ئەهاتمە لایان و بە ماموستا ملا عوسمان بلی ، ئەو شوین و جیگایەی کە بارزانی نەمر دابویە ئەو لە شۆرشی ئەیلولدا تا ئیستا هەر ماوە و حەزم لێیە جەنابی بفەرمویت بۆ هەمان شوین ، کە ئەویش (

بەلام نە بەگوێمان کرا و نە ریگاشیان پی داین بۆ خۆمان هەرچی بکەین ، ئاگامان لی نەبو شەریان دەست پی کرد ، ئەوان نزیکی خورمال بوبونەوە ئەنجا هیزەکانی ئیمە بەشوینیاندا دابەزین ، ناچار هیزەکانی ئیمە وەکو پارتی بریاری هاوکاری کردنی خەلکی دا ، بەراستی جوری هیرشەکە ئالۆز بوو ، سوپای هێرش بەرلە چەندین جۆر پاسدارو گروهی عیراقی عەرەب و هیزی ئیسلامی شیعەو سوننە بە تیکەلاوی پیکهاتبو ، لەشەوی 13-14 /3 بو ، ئاگاداری ئیمەیان کرد گوایە سوپا دیواریان شکاند ، واتا هیرشیان دەست پی کردو سەنگەرەکانی پیشەوەیان شکاند ، دەبابەکانیان چوبونە پیشەوە و دابەزیبونە ناو خاکی عیراق لەو ریگایەی لە شاخی ملەخوردەوە دروستیان کردبو ، بەیانی کە رۆژ بوەوە هیزەکانی ئیمە بەنیازی چون بەدوایاندا بو ناو احمد ئاوا ، سوپا تەقەی لی کردن و 2 پیشمەرگە بریندار بون ، مانای وابو ئەوان رازی نابن کەس پیشیان بکەویت ، جگە لەمەش پاش چەند سەعاتیك لە جیگایەکی تر روبەرو بونەیك روی دابو لەگەلیان چەند پیشمەرگەیەکمان شەهید بون ، ئەمەو چەندین جار ریگا گرتن و داوای پسولەی عبور و تقسیم بەندی ناوچەکە لەسەر هیزی لایەنەکاندا ، ئەگەر کاری هاوکاری کردنی خەلکەکە نەبوایە بونی هیزەکان لەوی تەنها بو دروست بونی کیشە بو ، هیزەکانی پارتی خورمال هەتا سیروانی بو دیاری کرابو ، هیزەکانی یەکیەتی و بزوتنەوەی ئیسلامی ناو شاری هەلەبجەیان بو دیاری کرابو هیزەکانی سوشیالیست ، سورین و شارەزوریان بو دانابون ، هەلەبجەش گیرا و ناوچەکە بەتەواوەتی لە سوپای عیراقی پاك کرایەوە ، دیلیکی زور لەگەل دەستکەوتیکی زور دەست سوپای ئیران کەوت ، هەندێکیش دەست لایەنەکان کەوت ، ئیمە بەهوی جهازی لاسلکی پەیوەندیمان لەگەل برادەرانی یەکیەتی هەبو . خەلکی خورمال و سیروان وگوندەکانیان وردە وردە بەرەو چەمی احمد ئاوا دەهاتن ، ئاگادار بوین لە هەلەبجە خەلکی دوکانی داناوە و کەمتر هەولی دەرچونیان هەیە لە شار . ئیمەش ترسی زۆرمان هەیە کە رژیمی عیراق تۆلەی خۆی بستینی . لەلایەن خۆمانەوە هەر لە کەسی یەکەمەوە کە ماموستا حمید ئەفەندی بو هەتا پیشمەرگەیەك هەولی دەدا کە خیزانەکان شوینی خۆیان بەجی بهیلن لەبەر ئەوەی نەوەکو رژیم لێیان بدات ، لەسیروان مال بە مال دەگەران و ئاگاداریان دەکردن ، لە رۆژی 16/ 3 پیش نیوەرۆ رژیمی عیراق دەستی کرد بە بوردومان کردنی هەلەبجە و سیروان و شارەزور بە تۆپی دور هاویژ و فروکە ، لە کاتژمیر ( 11 ) فرۆکەکان بە خەستی دەستیان بە بۆردومانی ناو شاری هەلەبجە کرد ، من لەو کاتەدا لەسەر شاخی پشت احمد ئاوا بوم ، دوکەلو تەپوتوزیکی چر لەناو شارو دەوروبەری هەلسا ، گرمەو دەنگی بوردومان هەتا ئیوارە ونزیکی تاریکی بەردەوام بو ، لە کاتژمیر 12 ی نیوەرۆ بەهوی جهازی بیتەل پەیوەندیم لەگەل برادەرانی یەکیەتی کرد ، لەحال و ئەحوالی ئەوان و خەلکەکە و زیانەکانم پرسی ، ووتی بۆردومانەکە زۆر توندە ، هیچ مەجالی هاتو چو نادات ، ووتم شار چۆل بوە یان خەلکی تیایە ، ووتی خەلکی تیایە و ئیمەش هەول دەدەین خۆمان و ئەوانیش لە شار دەرچین و داوای لیبوردنی کرد کە ناتوانی چی تر جهازەکەی بکاتەوە ، فرۆکەکان ئەوەندە زۆر بون فریای بۆردومان کردنی سنورەکان و لە هەندی شوین ناو دیوی ئیرانیش بەتایبەتی دزلی و ئۆردوگای دزلی و دەوروبەری مەریوان

دەکـەوتن . پـاش عەسـر برادەرانـی ئیمـە لەگـەل ماموسـتا حمیـد دەیانـەویت بـو هـەوال زانـین سەردانی هەلەبجە بکـەن ، لـەریگا پاسـدارەکان ریگایـان نـەدابوون ، ئیمـە پەیوەنـدی هەمیشـەیمان لەگەل برادەرانمان چی لەشارەزور و چی لـە قـەرەداغ هـەبو ، ئیـوارە هـەوالی بوردومـانی کیمیـاوی بلاو بویەوە ، کاك محمد حمە سعید ئەو کاتە لیپرسراوی ناوچەی هەلەبجە بو ، هـەولی زوری دابـو لەگـەل پاسـدارەکان ، ریگایـان پـی درا بروات‌ـە نـاو شـار ، ئـەویش جهـازیکی پـی بـو لەگـەل مـن پەیوەندی هەبو ، هەر کە گەیشتە ناو شار پیٚ ووتم راستە کیمیایی وەشینراوە ، وا خـەلك ئـەبینم کەوتون ، ئەو کاتـە ئـەو لـە نزیکـی کارگـەی پاککردنـەوەی توتنەکـە بـو لـە گـەرەکی پیرمحمـد ، مـن زیاتر لیم پرسی و حەزم کرد زۆرتر بزانم چی روویـداوە ، ووتـی هـا خـۆت لەگـەل ئـەو ژن منالانـە قسـە بکـەن ، هـەمویان ئـەگریان و باسـی نـەمانی کەسـوکاریان ئـەکرد ، هیشـتا نـەدەتوانرا قسـە لەسەر زیانەکان بکریت ، بوردومانی کیمیـایی بـوە شـتیکی دروسـت ، هـەولم دا لەگـەل کاکـە حمـە ئامـاریکی پیشـەکی وەیـان تەقـدیریك مـان بـداتی هـەتا لەگـەل راگەیانـدنی هەوالەکـە باسـیك لـە زیانەکانی بکەین ، لەبەر ئەوەی کاتەکە شەو بە بەراستی هەر تقدیریك جیگـای خـۆی نـەبو ، ئیمـە لەگەل کاکە حەمە تقدیریکمان دایە سەرکردایەتی بەهۆی بـەریزان ( کـاك عزالـدین بـەرواری و کـاك ملا حاجی و خوالیخوشبو کاك سیداصالح ) کە لـە قـەرەداغ بـوون ، پەیوەنـدی بـەردەوامان لەگـەل ئـەوانیش هـەبو ، سـەرۆك بـارزانی ئـەو ئامـارەی پـی راسـت و دروسـت نـەبوو هـەر هـەمان شـەو فەرمانی دابو کە پیویستە بەیانی لیژنەیەك بچیتە هەلەبجە و ئاماریك لەنزیکـەوە بـدەن ، بویـە ئـەو شەوە لیژنەکـە دروسـت بـو لـە بـەریزان ( کـاك نـادر هـەورامی و بەنـدە و کـاك عوسمـان بەلـخـەیی ). ئاگاداریـان کـردین کـە پیویسـتە دەسـت بـەکار بـین ، بـەیانی زوو هەرسـیکمان لـە ( کـەرەجال ) یەکمان گرتەوە و کەوتینە رییٚ بەرەو زەلم و احمد ئاوا و چەند پیشمەرگەیەکیشـمان لەگەلـدابون . لیرەدا هەندی دەگەریمەوە بۆ هـەوالی مال و منـدال لـە ئۆردوگـا ، ئیمـە چـەند شـەو و رۆژیـك بـو بـو نەگەرابوینەوە بولایان وکەمتر هەوالیانمان دەزانـی ، ئیـوارەی رۆژی 3/16 کـاتیکم زانـی بـە جهـاز لە دزلیەوە ئاگاداریان کردم کە ئۆردوگـاش بۆردومـان کـراوە و مـالی ئیمـەش رۆکیتـی بەرکـەوتوە و سـوتاوە و هیچـمان بـو دەرنەچـوە ، منالـەکان سـەلامەت بـون چـونکە لـەوی نـەبون و چـوبونە ئەشـکەوتەکانی دۆلـی ( مـەرگاوان ) ، لـەویش بوردومـان کرابـون ، بـەهوی سـەختی و قـولای شـوینەکە سـەلامەت بوبـون ، زۆر نارەحـەتیان تـوش بوبـو ، خـەلکی تـر مـالو منـدالیان بـو شـوینە دورەکـان گواسـتبووەوە ، بـەهوی سـەرقالی مـن لـە شـەرەکە ئـەوان و چـەند مـالیکی تـر لـە مابـەینی ئۆردوگاو مەرگاوان مابونەوە ، هیلال احمر هەندی کەلوپەلی پی دابون ، ماموسـتا حمیـد ئەفەنـدی بە جهاز پی ووتم غەمت نەبیت ئیمە تدابیری پیداویستی مندالەکان ئەکـەین . لیژنەکـەمان هـەر کـە گەیشـتینە سـەروی چـەمەی زەلم ، فرۆکـەکانی رژیـم دەنگیـان دەهـات و بوردومـانی احمـد ئـاواو چـەمەکەیان دەکـرد و چـەکی کیمیایشـیان بـەکار ئـەهینا ، ئیمـە بـۆ جـیٚ بـەجیٚ کردنـی فـەرمانی سەرۆك ناچار بوین بەردەوام بین لەسەر رۆشتن و بەو هیوایەی کە روبەروی ناو بـاغ و ئـاو دەرۆیـن ، لـەریگا توشـی پۆلیـك پیشـمەرگەی برایـانی سۆشیالیسـت بـوین کـە ئـەوانیش بـۆ خـوارەوە دەرۆشتن و کاك ( تەها تەیفور ) ئەو کاتە لای ئەوان بو لەگەلیاندا بو ، کامیرەیەکی ڤیدیوی پی بـو

ئەو کاتە چۆنمان دەبینین ولەچی باریکی سەرلیشیواوی دا بوون ، هەرچی هەبوە لەدەستی داوە ، هەندیکیان هەوالی مالو مندالی نازانی ، نازانن بریندارەکانیان بوکوی بردون و تەندروستیان چونە ، زۆر خیزان لیك دابرابون هەوالی یەکتریان نەدەزانی ، لەناو بینایەی قوتابخانەکان و دائرەکان و مزگەوتەکان و خانوی بەتال دانرابون ، کەس هیچی پی نەبو ، خەلکی بەشەرەفی ئیرانی ئەو دەورو بەرە خواردن و جلو پۆشاکیان بۆ کۆدەکردنەوە ، ئیمە لەگەل لیپرسراوانی ئیرانی باسی ئەمەمان کرد ، ووتیان ئیمە هیچ ئامادەیی ئەم کارەمان نەبوە ، بۆ ئیمە کوتوپر بوو ، بە هەمو توانامان خەریکین چادر هەلدەدەین بویان لە شیوەی ئۆردوگا و کەلو پەلیان بەسەردا دابەش دەکەین ، ئیستا ئەوەی لەبەر دەستایە وا خەریکی دابەش کردنین ، روومان لە هەر شوینیك دەکرد ، ئیمە و خەلکەکە جگە لە گریان هیچی ترمان پی نەئەوترا ، بەناوی سەرکردایەتی پارتی و بەتایبەتی سەرۆك بارزانیەوە سەرەخۆشیمان لی ئەکردن ، کاك نادر هەورامی دەوریکی زور باشی گیرا لەم روەوە ، لە یەکی لە شوینەکان برادەریکی خەلکی تەویلە هاواری لی کردین و ووتی من لە مالو منالم دابراوم و هەوالیان نازانم ، بەلکو هەمەتی بکەن بۆم بدوزرینەوە ، کەچوینە شوینیکی تر تەماشامان کرد خیزانەکی لەوین ، داوامان کرد لە لیپرسراوانی شوینەکە و خیزانەکەمان یەکخستنەوە . ئەمە نمونەیك بو لە هەزاران کارەساتی لەو جۆرە و ناخۆشی تر ، تا ماوەیکی زۆر ئەنجا توانرا خیزانەکان یەکتر بەتەواوەتی بدۆزنەوە ، جگە لەوانەی بریندارەیان سەخت بوە و رەوانەی دەرەوەی ئیران کرابون ، هەندی لە بریندارەکان کە نیردرابون بو نەخوشخانەکانی ئیران لە تاران و شارەکانی تر لەبەر سەختی برینەکەیان شەهید بوبون و بەهوی نەزانینی ناسنامەیان ئەوا لەوی بەخاك سپیردرا بوون ، ئەم کارەساتە ئەگەر یەکیك بۆخوی تیایا نەبوبیت وە یان بەچاوی خۆی نەیدیبی ، نازانی چۆن و بەچی شیوەیەك بوە ، شاریك وویران بوە ،خەلکەکەی بە کومەل لی شەهید بوە ، بە هەزارەهای لی بریندار بوە ، کەلوپەلی و هەرچی لە سەروەت و سامانی هەبوە بەجیماوە ، تالان کراوە ، لە کەسوکار دابراوە ، رەوانەی ئۆردوگا کراوە ، خەلکی لە رری خوادا هاوکاری خواردن و پۆشاکی دەدات ، ریگای نیە بەدوای کەسوکارو شەهیدو بریندارەکانیدا بگەری ، پارەی پی نیە پیداویستیەکانی دوای کارەساتی پی دابین بکات ، ئەمانە و چەندین دەردی سەری تر ی ژیان و لیقەوماوی ، لیرەدا ئەبی پیاوەتی خەلکی ئیران لەیاد نەکەین تا بە دەولەتەکەیشیان دەگات کە پیاوانە هاوکاری جوراو جوریان کرد ، ئیمە لەو ماوەیەدا بە رۆژ بە سەر شوینەکان و خەلکەکەدا ئەگەراین و دوا بە دوای ئیمەش وەکو ئاگادار بوین سید باقر الحکیم سەرۆکی ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی لە عیراق دەگەرا بە سەر خەلکەکەدا و سەرەخۆشی لی دەکردن ، پاش تەواو کردنی شوینەکانی سەر بە ئوستانی کرماشان ، بەهەمان شیوە چوینە شوینەکانی سەر بە ئوستانی کوردستانیش لە کامیران و وەرمەهەنگ و شویشە و هەزارخانی و هەتا هەردوو ئوردوگای دزلی و بارام ئاواش کە خەلکی تازەیان بۆ هاتبون ، لەو شوینانەش بەهەمان شیوە هەوالی خەلکەکەمان دەپرسی ، کارەساتەکان لە نیوان ئەو خەلکەی کە لە ریگای خورمال . ئەحمد ئاواوە هاتبون کەمتر بون ، چونکە ئەمانە زۆربەیان خەلکی شارەزور و سیروان و خورمال بون و

کەمتر بەر بۆردومانی کیمیایی کەوتبون و کەمتر هەبو تیایاندا کەسوکاریان وون بوبیت ، لەو روەوە باشتر بون ، بەلام بەهەمان شیوەی هەلەبجە ئەمانیش هەرچی کەلوپەلیان هەبوبیت بەجێیان هیلأبو ، ئیمە کە گەراینەوە بۆ دزلی منالەکانم هیشتا لەناو دەربەندی دزلی و خانوەکانی گوندی ( مەرگاوان ) مابونەوە لەگەل چەند خیزانیکی تر ، بە رۆژ لە ترسی بوردومانی فرۆکەکان چوبونە ناو ئەشکەوتەکان و بە شەو هاتبونەوە ناو گوند ، چەند رۆژیکی سەخت و نارەحەت و پر لەمەترسیان بەسەر بردبو ، ئەو دەڤەرە تاکو ترا خیزانی تیا مابو ، منیش ناچار منالەکانم گواستنەوە بۆ ئۆردوگای هەزارخانی کە تازە بۆ ئەوانەی هاتبون دروست کرابو ، لەوی تەنها چادریان بویان هەلدابون ، کاتیش بەرەو نەمانی سەرما دەرۆشت و بەپەلە منالەکانم دامەزراند چونکە ریزدار کاك مسعود بارزانی ناردبوی بەشوین ( 4 ) کەسدا کە یەکیکیان من بوم بو ئەوەی لە نزیکەوە لە هەوالی دروستی کارەساتەکەی هەلەبجە بزانی ، ئیمە ( 3 ) کەسمان چوینە خزمەتیان ، بۆ من دەرفەتیکی باش بو کە قسە لەسەر کارەساتەکە بکەم و هەرچی زانیاری باش هەبو لای خۆم یاداشتم کردبون و زۆر بە چاکی چۆنیەتی کارەساتەکەم بۆ بەریزیان و بەریز کاك علی عبدالله گەراندەوە ، ئەوانەی لەسەرەوە باسم کردون لەگەل هەندی شتی تر ، هەستم دەکرد سەرۆك زۆر نارەحەت ئەبو و زۆری پی ناخۆش بوو بەتایبەتی لەو ووتەیەی کە ووتم حەق نەبو ئیمە داخلی ئەو جورە شەرانە ببین ، کارەساتیکی واگەورە بەسەر گەلەکەماندا چوون پاساوی بۆ بدەین ، ئەمە دواکارەساتیش نابی و لە شوینەکانی تریش روودەدا بەتایبەتی شاری قەلادزەش لەریگادایە ، وەلامی ئەم چەند ووشانەی دامەوە و ووتی کاکە باوەرت هەبی ئەوانە درۆیان لەگەل ئیمەش کرد ، کاتی ئیوە هەوالی گرتنی هەلەبجەتان راگەیاند من زۆر سەرسام بوم ، چونکە گرتنی هەلەبجە لە ئارادا نەبو ، لای من تەنها گرتنی شاخەکانی هەورامان و بیارە و تەویلە بوون ، پیمان کاریکی باش بو ، هیچ نەبی جیگایەکی ئازاد بۆ ئیوە دەبو ، بەلام کە هەوالی گرتنی هەلەبجەم بیست بەراستی زۆر نارەحەت بوم و منیش لەو باوەرەدا بووم کە دوژمن تۆلەی خۆی دەکاتەوە ، ئیستاش من ناردومە بە شوین ئەو لیپرسراوانەی کاتی خۆی هاتنەلامان و ووتیان هیرشەکە تەنها بو ناوچەی هەورامانە ، بزانین بۆ وای لیهاتوە ،ئەنجا زانیم کە رەنگە لایەنەکانی کوردی تەنها لەگەل یەکی لە گروهەکانی ئیرانی ووتو ویژیان کردبیت ، ئەو شەرە ئەوەندە گەورە بو رەنگە چەندین گروهی جوراو جۆر بەشداریان کردبیت ، وەکو لە سەرەوە ئامارەم پی داوە ئەوان ریگایان نەدەدا هیزی پیشمەرگە بەشداری بکەن و چەند جاریك توشی شەرو پیك دادان بون و شەهید و بریندارمان هەبون ، هەندی لەو گروهانە ممکنە هەر ناوی پیشمەرگەشیان نەزانیبی . دانیشتنەکەمان شەوی بەسەرا هات و بریاریان دا بەیانیش جاریکی تر دانیشینەوە ، ئیمە چوین بو شوینی ئیسراحەتمان و من وکاك نادر هەورامی لە ژۆریك بوین ، درەنگانیکی شەو تەماشامان کرد هەردو بەریزان شەهید کاکە فرنسو هەریری و کاکە یونس رۆژبەیانی هاتنە لامان و بەخیرهاتنی منیان کرد و ووتیان کاك علی چیت لەگەل سەرۆك باس کردوە چونکە زور نارەحەتە ، ووتم بە دریژی باسی شەرو کارەساتەکەم بۆ کردون و ووتومە حەق نەبو ئیمە بەشداری لەو شەرەدا بکەین ، ئەویش وەلامی بەو شیوەیە داومەتەوە ، ووتیان دەستت خۆش

بەراستی ئەمە حەقی لیپرسراوەکانی تر بو ئەو باسانەی لەگەل بکەن و تۆ کادریکی راست و دروستی و لەگەل نارەحەت بونی سەرۆك بۆ کارەساتەکە ، زۆر تقدیری تۆی دەکرد کە بەو شیوەیە قسەکانت بۆ کردوە . رۆژی دوای جاریکی تر چوینەوە لای سەرۆك و چەند بابەتیکی تر هەر لەو بارەوە باس کرا و دواجار فەرموی حەز ئەکەم بە ناوی منەوە جاریکی تر برۆیتەوە بو ناو ئۆردوگاکان و سەرەخۆشیان لێ بکەن و پێیان بلێن کە ئیمەش وەکو ئەوان نارەحەتین و انشاالله هەول دەدەین چیمان پی بکریت بو وەزعی ئەوان جی بەجی ئەکەین ، بە ئیمەشی ووت کە ئەبی پەیوەندی هەمیشەیتان لەگەلیان هەبیت و بەیناو بەین لە بارودۆغ و هەوالیان ئاگادارم بکەنەوە ، هەر وەکو لەسەرەوە باسم کردوە من یەکیك بوم لەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتی ئاوارەکانی ئەکرد و راستەوخۆش پەیوەست بوین بە مەکتەبی سیاسیەوە ، مانگانە لە هەوالیان ئاگادارمان دەکردن . من جاریکی تر بەهاورێیەتی هەردوو بەریزان کاك ملا حسن شاخی و کاك ملا عباس کە ئەویش نوینەری لق 3 بو لە روانسەر بو ، بەراستی پیاویکی زۆر دلسوز بو و هاوکاری ئیمەشی ئەکرد و لەو سنورەش هاوکاری باشی ئاوارەکانی ئەکرد و ئەوانیش زۆر ریزیان لێ ئەگرت ، لەسەر فەرمانی سەرۆك سەردانی ئۆردوگاکانمان کردەوە و سەردانی چەندین کەسایەتی مان کردو و لەچەندین چاوپیکەوتنی بەکۆمەل لەگەل ئاوارەکان ، سەلام و سەرەخۆشی بەریزیان مان پی رائەگەیاندن کە جیگای خۆشحالی ئەوان بو ، لەم سەفەرەمدا بۆ ئۆردوگاکان کە جیگاو ریگایان هەندی باش بووبو ، لە شوینە جیاجیاکاندا نەمابون ، لە چەند ئۆردوگایەك کۆکرابونەوە ، کەلوپەلیان لەلایەن مانگی سورەوە پی درا بو ، بەفرسەتم زانی بەلینەکەی خۆم بەجی بهینم بۆ وەرگرتنی ناوی شەهیدەکان کە لەیەکەم رۆژ لەسەر تەرمەکان لە گوندی عەنەب دەستم پێ کرد ، تەواوی بکەم , بۆیە داوام لە هەڤالان و خزمان و دۆستان کرد کە هەر یەکە لە لایەن خۆیەوە و لەوگەرەکەی خۆی و لەناو گوندی خۆی ، خیزان بە خیزان ناوی شەهیدەکانم بۆ بنوسن و لای خۆیان دای بنێن هەتا دەگەریمەوە لایان وە یان ئەگەر کەسیکیان دەست کەوت بۆمی بنێرن ، بەم شیوەیە زۆر کەسم راسپارد ، لەگەل ئەوەش هەندی ناوم دەست کەوتن ، حەزم ئەکرد هەندی بەپەلە ناوەکانم دەست بکەویت چونکە خەلکی وردە وردە کەوتبونە ئەوەی بە تاك و بە خیزانەوە بگەرینەوە بۆ عیراق ، من بۆ تەواو کردنی ئامارەکە زیاتر لە سالیکم پێ چو ، ناوەکان بە لیست و دەفتەر بۆم هاتبون ، زۆر زۆر بون کە سەیرم ئەکردن ناوی دووبارە و سی بارەی زۆرم ئەدی ، کاتیکی زۆرم بەسەر برد هەتا بەحسابی خۆم لەو دووبارە و سی بارە رزگارم بوە ، پاشان ناوەکانم لە دەفتەریکی تایبەت دا تۆمار کردن ، هەولم دا شەهیدەکانی ناو شار بە جیا و هی گوندەکانیش بەجیا و هەوەهاش خیزان بە خیزان ، ئەم کارە زۆر گران بوو چونکە رژیمی فاشستی عیراق گوندەکانی نەهیلابو ، خەلکەکەی لە ناو ئوردوگاکانی دەوروبەری شار دانابون ، وەکو عەنەب و زەمەقی کە هەردووکیان تیکەل بە هەلەبجە بووبون ، هەندی ناوی شەهیدەکانیان بەناوی گوندەوە نوسیبو هەندیکی تریان بە ناوی شارەوە ، ئەمەش کیشەی بو دروست کردبوم ، بە هەرحال ئامارەکەم تەواو کرد کە تەواو نەبوە بەو شیوەیەی کە بە تەواوەتی دروست بیت ، بەلام سەرەتایەکی باش و ئاماریکی بێ ئامانج و بێ مەرام بو ، تەنها بۆ زانینی

لیژنەیە و سەردانیان بۆ لایان ، وەکو ئاگادار بوم لیژنەکە مەبەستی خویان بەجی گەیاندبو و سەردانی سەرکردایەتی لایەنەسیاسیەکانیان کردبو ، ئەمەش بوە بنەمایەك بۆ دروست کردنی کۆمەلەی ژیانەوەی هەلەبجە .

3 . پاش ئەوەی هەردوو رژیمی ئیران . عیراق لە سالی 1988 دا و پاش هەشت سال شەرو کاول کاری و قوربانی دان و زیان گەیاندان بە گەلانی هەردوو وولات ، شەرەکەیان راگرت و دەستیان بە ووتو ویژ کردن کرد لەگەل یەکتر و جاریکی تریش هاتنەوە سەر سەرووگوێ کورد و کوردستان ، بەندیك لە ریکەوتنەکەیان چۆل کردنی سنورەکانی هەردوو لایان بو ، بە تایبەتی لە کوردستانەوە و ریگا نەدان بە هیزو لایەنە سیاسیەکانی کوردی لە شاخەکاندا، ئەم کارە ئالوزیەکی تری بو لایەنەکانی کوردستان دروست کرد ، ئەوانیش بریاری ناردنی هیزەکانی خۆیان بو ناوەوەی کوردستان دا ، بۆ ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و دەشتی هەولیر و دۆلی بالیسان و بادینان و چەندین شوینی تر ، باقی ئەو کەسانەی توانای چونە ناوەوەی نەبو بەهۆی تەمەن و نەخۆشی ئەوا لە ئۆردوگاکان مانەوە ، رژیمی عیراق هەرلەشەری ئیران نەجاتی بو ، هەموهیزەکانی خۆی کۆکردەوە و بە ناوی شەری ( ئەنفال ) رووی لە کوردستان کرد و دروست لە گەرمیانەوە ، دەستی بە هیرشیکی زۆر گەورە و بەر بلاو بەگشت توانای سەربازی خۆیەوە کە پیشتر شەری دەولەتی ئیرانی پی ئەکرد کرد ، بەرگری هیزی پیشمەرگەی کوردستانیش بە گشت لایەنەکانەوە تەنها بە چەکی سوك بوو، بەهوی پەلاماری فرۆکەکانەوە بە کۆپتەرو جەنگاوەریەکانی ترەوە نەیان ئەتوانی چەکی قورس بەکار بهینن ، هیزی پیشمەرگە ئەوەی لەتوانایابو پالەوانانە بەرەنگاریی خۆی کرد و شوین لە دوای شوین بە ناچاری جیگاکانیان پی چۆل ئەکرا ، باریان بەرەو خراپی دەچو ، لە هیرشی بەدناوی ئەنفالدا ، چەکی کیمیایش بەکار هات ، خەلکی گوندەکان ، یان رایان ئەکرد وە یان بە کۆمەل هیزەکانی دوژمن دەیانگرتن ، بەم شیوەیە ناوچەکە بەرەو چۆلی ئەرۆشت ، هیزەکانی پیشمەرگەش پەرتو بلاوبوبونەوە ، چەند رۆژیك بو لە هەوالیان ئاگادار نەمابوین ، مەکتەبی سیاسی بەریز ئیمە یان لە دزلی ئاگادارکرد بەلکو هەوالیکیان بزانین ، من بە جهازیکەوە چومە سەر شاخی سورین و لە ملەی شەرەفی کە شوینیکی بەرز بو بەئومیدی ئەوەی پەیوەندیەکیان لەگەلدا بکەم ، هەر کە جهازەکەم کردەوە و بۆ چەند جاریك بانگی جهازەکانی ئەویم کرد ، جهازیك وەلامی دامەوە و لیم پرسی کە کیە و داوام لی کرد بە ئاشکرا پیم بلی ، ووتی من ( **ئەکبەر حەیدەر** ) م لە لقی 3 ، منیش خۆم پی ناساند ، زۆر خوشحال بو و ووتی ئیمە وەزعمان زۆر خراپە و برادەران هەندیکیان پەریونەتەوە بەرەو ناوچەی بازیان و ئیمەش لە شوینیکی بەرز داین لە سنوری سەنگاو و ئەم پەیوەندیەشمان دوا پەیوەندی ئەبی و بەرەو ئەوان دەرۆین ، ئیمە ئیتر لە شوینیکی ترەوە دەگەرینەوە و پەیوەندیمان لەگەل ئیوە نامینی و هەول دەدەین پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە بکەین ، ئەو هەوالە کورتە دواین هەوالیان بو ، منیش گەرامەوە و هەوالەکەم دایە سەرکردایەتی ، هیرشی دوژمن وەکو باسم کرد زۆر توند و بەرفراوان بو ، هەر کەس بەردەستیان بکەوتایە بە دیلی ( ئەنفال ) دادەنرا ، جا ئەو ( 182 ) سەدوو هەشتاو دوو هەزار کەسەی کورد کە پی دەلین بە ئەنفال لەناو براون بەم

